# باوشێک شکۆفە

ڕەحمان سۆفی

بە سروشتی سروشت

بەفرینەگوڵی هەستم

لە نەرمە خاکی، خاکەلێوە

سەربەرزانە، سەری هەڵداوە

لە سەر لێوی گۆی گەڕۆک

ناسکە گەزیزە ی، باوەڕم

مزگێنی ژیانەوەی، ژیانی هێناوە

لە ئاسۆی کۆڵنەدان، ڕاماوم

لە گۆماوی گەشە ئەندێشەم دا

گەرای بیری ڕوون تێک چڕژاوە

لە باخچە ی ئاواتی لەمێژینە م دا،

باوشێک شکۆفەی، خەبات ، و

کۆڵێک، کۆڵ نەدانم، لە کۆڵناوە.

ڕەحمان سۆفی

مارسی ٢٠٠٩ / یوتەبۆری